# حوکمی بەڵێن پێدان لەسەر کڕین وفرۆشتن

[ کردي – کوردی – kurdish ]

**دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس**

**پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز**

2015 - 1436

IslamHouse.com

# حكم الوعد على البيع والشراء

« باللغة الكردية »

فريق القسم الكردي في موقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2015 - 1436

IslamHouse.com

# حوكمی بەڵێن پێدان لەسەر كڕین وفرۆشتن

**پرسیار** : ئایا تا چی ئەندازەیەك دروستە كە دوو كەس ڕێك بكەون لەسەر كڕینی كاڵایەك بە هاوبەشی (شەراكەت) لە نێوانیاندا، لە هەمان كاتدا یەكێك لە شەریكەكان بەڵێن بدات بە شەریكەكەی تری كە دواتر بەشەكەی ئەو بكرێتەوە بەو مەرجەی پاش ماوەیەك پارەكەی بداتێ بەڵام بە زیاتر لەو نرخەی كە كڕیوویانە ؟ واتا : بە قازانج لێی بكرێتەوە بەڵام پارەكەی بە حازر نەبێت بەڵكو بۆ ماوەیكی دیاری كراو دوای بخات.

**وەڵام** : سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان ودروود وصەڵات وسەلام لەسەر پێشەوای مرۆڤایەتی محمدی پێغەمبەری ئیسلام و ئال وبەیت و هاوەڵ وشوێنكەوتوانی هەتا هەتایە .

وەڵامی ئەم پرسیارە ددو بەش لە خۆ دەگرێت :

**بەشی یەکەم :** ئەم جۆرە مامەڵەیە مامەڵەیەکی دروستە .

**بەشی دووەم :** ئایا ئەم بەڵێنەی کە ئەو شەریکە داویەتی بە شەریکەکەی خۆی کە پاش کڕینی ئەو کاڵایە بەشەکەی بە قازانج لێ بکرێتەوە، وەعد و بەڵێنێکە دەبێت پابەند بێت پێوەی یان سەرپشکە لە بەئەنجام گەیاندنی ؟

**سەبارەت بە بەشی یەکەم :** ئەو بەڵێنەی کە لە نێوان ئەو دوو کەسەدا دراوە، لە لایەنی شەرعیەوە هیچ تەم و مژێکی لەسەر نییە، چونکە وەك پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) فەرموویەتی : « المسلمون على شروطهم إلا شرطا أحل حراما أو حرم حلالا » [ أخرجه أبو داود والترمذي ] .

واتا : موسڵمانان دەبێت پابەند بن بە ئەنجام گەیاندنی ئەو مەرجانەی کە لەنێوانیاندا دەیدەن بە یەکتری، مەرجێك نەبێت کە حەرامێك حەڵاڵ بکات، یان حەڵاڵێك حەرام بکات .

**سەبارەت بە بەشی دووەمیش :** ئایا ئەو بەڵێنەی نێوان ئەوو دوو هاوبەشە ( شەریکە ) بەڵێنێکە کە دەبێت هەردوولا پابەندبن پێوەی یان نا ؟، ئێمە وەك خۆمان ڕای ئیمامی مالیکمان بەلاوە پەسەندە ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) کە دەڵێت: هەرکاتێك لە ئەنجامی ئەو بەڵینەی نێوانیان ئیلتزامێك بۆ کەسی بەڵێن پێدراو دروست بوو بوو، ئەگەر ئەو بەڵینە نەبوایە ئەو ئیلتزامە دروست نەدەبوو، ئەوا لەو کاتەدا بە ئەنجام گەیاندنی ئەو بەڵێنەی نێوانیان واجبە کەسی بەڵێندەر پێوەی پابەند ببێت و بە ئەنجامی بگەینێت ( واتا : مادام ئەو شەریکەی کە بەڵێنی پێدراوە لەسەر بەلێنی شەریکەکەی کاڵاکەی کڕی وبوو بەخاوەنی

وپاشتریش تەحەمولی هەموو بەرپرسیاریەتی وزیانێکی کەوتە سەر لەڕووی شەرعیەوە، لە ئەنجامیشدا دەبێت شەریکی بەڵێندەر پابەند بێت بەو بەڵێنەی کە داویەتی بە شەریکەکەی ) بەڵام لە پێناو ئەوەی کە پاشتر هیچ جۆرە ناکۆکی و ناڕوونیەك لەنێوانیاندا ڕوو نەدات، دەبێت ئەو ماوەیە دیاری بکەن کە کەسی شەریکی بەڵێندەر داویەتی بە شەریکەکەی کە پارەی بەشەکەی بە قازانجەوە بۆ دەگێڕێتەوە، پاشان دەبێت ئەو نرخەش دیاری بکەن کە پاش کڕینی کاڵاکە شەریکەکە بەشی شەریکەکەی خۆی پێ دەکرێتەوە، وەك ووتمان بۆ ئەوەی ناکۆکی لەنێوانیاندا ڕوو نەدات .خوای گەورەش لە هەموو لایەك زاناترە ...

سەرچاوە : فەتوا شەرعیەکان لە بابەتە ئابوریەکانی ( بیت التمویل الکویتی ).